شاجوان بەهرۆز

پاڵەوانی یارییە سیانییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی:

# راهێنەرەکەمان ماوەی هەشت ساڵە لەسەر ئەرکی خۆی راهێنان بە ئێمە دەکات

یارییەکانی سیانی لە کوردستان تاکو ئێستا نەبۆتە یارییەکی جێگای بایەخی وەرزشکارانی کوردستان، چونکە یارییەکە خۆی لە هەریەك لە یارییەکانی مەلەوانی و راکردن و پاسکیلسواری دەبینێتەوە، بۆ کچە یاریزانانیش زەحمەتە بتوانن بوونی خۆیان لەم یارییە بسەلمێنن، بەڵام کچانی شاری سلێمانی پێشەنگی ئەم یارییەیان گرتووە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی کوردستان و پاڵەوانی وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی کچە یاریزان شاجوان بەهرۆزە کە لەدایك بووی ساڵی ٢٠٠٢ی شاری سلێمانییە و خاوەن ئاستێکی بەرزە لەم یارییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.





*** ئاستی یاری مەلەوانی چۆن دەبینی؟**

-ئاستی یاری مەلەوانی زۆر باشە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر بێ خزمەتە و هیچ کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە .

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- یەکێتییە وەرزشییەکەی ئێمە لاوازە، من ماوەی شەش ساڵە یاریزانی مەلەوانیم و ئێستا یاریزانی سیانیم و توانیم ببمە پاڵەوانی عەرەبی و ئەفریقی، بەڵام خول کەم دەکرێتەوە ئەمەش کاریگەری لەسەر یاریزانان هەیە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری مەلەوانی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- وەکو خۆم هیچ هیوایەکم نییە کە یارییەکانی مەلەوانی و سیانی بەرەو پێش بچێت، مامۆستا گۆرانی ڕاهێنەرمان ماوەی هەشت ساڵە لەسەر ئەرکی خۆی ڕاهێنان بە ئێمە دەکات، منیش وەکو یاریزانێك تاکو ئێستا باوکم هاوکاریم دەکات و هەموو خەرجیەکانم لەسەر ئەوە.

*** کێشەو گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدایە؟**

- سەرەڕای ئەوەی یەکێتییەکەمان یاریزانی مەلەوانیان پشتگوێ خستووە، من خاوەنی پلەی یەکەمم لە مەلەوانی درێژی ٥کم و کچێکی دیکەی کوردیش دووەم بووە، عەرەبێك پلەی سێیەم بووە، عێراقییەکان مووچە بە کچانی خۆیان دەدەن و کەمپی مەشقیان بۆ دەکەنەوەو دەیانبەن بۆ دەرەوەی وڵات، جگە لەوەش لەسەر ئاوی دەریاش لە ٢کم هەر من یەکەم بووم، کەچی خزمەتکردن نییە.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بە نیازی چیت؟**

- بە هیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆم بدەم و بتوانم لە داهاتوو لە پاڵەوانیەتێکی جیهانی بەشداری بکەم و ئەنجامم هەبێت.

*** چۆن بوو یانەی سلێمانیت هەڵبژاردووە؟**

-یانەی سلێمانی یەکێکە لە یانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراق و خزمەتی زۆری یاریزانان دەکەن، بۆیە ئەو یانەیەم هەڵبژاردووە کە ڕاهێنەرەکەی خۆم لەم یانەیە، بەڵام لە یانەیەکە هیچ هاوکارییەك نەکراوم.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- تەنیا یەك جار داوا لە بەرپرسانی وەرزشی دەکەم کە لەمە زیاتر پشتگوێمان نەخەن، ئێمە زۆر بەتواناین، کەچی یاریزانی عێراقی هەندەی ئێمە بەهێز نین و خزمەتی بەردەوامیان دەکرێت.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم ئیتر بیر لە یاریزانانی کورد بکەنەوە، ئێمەش ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانین ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- بیگومان هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێت، بەڵام بۆ یاریزانان، نەك بۆ گیرفانی خۆیان .

*** لە هەڵبژاردەی عێراق وەکو کچە کوردێك دژایەتیت ناکرێ؟**

- نەخێر، هیچ دژایەتیم نەکراوە، من سوپاسی مامۆستا سەلام دەکەم کە زۆر یارمەتیمان دەدات.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- مایکل فلیپس و بۆلتی جامایکی.

*** یاریی مەلەوانی بۆ ئاستی کچان ترسناك نییە؟**

- یاریی مەلەوانی ترسناکە، بەڵام ئەگەر بتەوێت خەونەکەت بەدی بێنی، هیچ کات کۆڵ نادەیت، بەسەریشیدا زاڵ دەبیت، من خەونی گەورەم ئەوەیە ببمە پاڵەوانی جیهان و کورد بە هەموو جیهان بناسێنم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە خزمەتێکی زۆری وەرزشی کوردستانی کردووە بە ناساندنی یاریزانانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، ڕۆڵتان بەرز دەنرخێنین، سوپاسی باوکیشم دەکەم کە بۆ من هەموو شتێکە.



# ئۆبامیانگ
# دۆرتمۆند جێدەهێڵێ




رۆژنامەکانی ئەڵمانیا بڵاویانکردووە پییێر ئۆبامیانگی گابۆنی بڕیاریداوە لە گواستنەوەی زستانەدا یانەکەی بەجێبهێڵێت.

رۆژنامەی بیڵد بڵاویکردووە هەرچەندە ئۆبامیانگ لە ژووری جل گۆڕیندا بەتەنیا ماوەتەوە، بەڵام ئیدارەی یانەی بروسیا دۆرتمۆند لە هەوڵی ئەوەدان رێگری لە هێرشبەرەکەیان بکەن لە بەجێهێشتنی یانەکەیان.

هەمان رۆژنامە بڵاویکردووە زۆرینەی یاریزانانی دۆرتمۆند لە رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئۆبامیانگ لە وەرزی ئەمساڵدا بێزارن.

هاوکات چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە ئۆبامیانگ رایانگەیاند کاتەکانی ئەو هێرشبەرە لەگەڵ دۆرتمۆند کۆتایی هاتووەو یاریزانی ناوبراو ئامادەیە بۆ بەجێهێشتنی یانەکەی.

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵیش هەریەکە لە یانەکانی چێڵسی و ئیڤەرتۆن و لیڤەرپوڵی ئینگلیزی بەوردی چاودێری دۆخی ئۆبامیانگ دەکەن، لە بەرامبەردا یانە بەرگ زەردەکە بۆ دەستبەرداربوون لە هێرشبەرە گابۆنیەکەی داوای ٥٠ ملیۆن یۆرۆ دەکات.



# کۆڤاسیچ ستایشی ئیکاردی دەکات

ماتیۆ کۆڤاسیچی کرواتی ستایشی ماورۆ ئیکاردی ئەرژەنتینی دەکات و لەهەمان کاتدا کەریم بنزیما بە باشترین هێرشبەری جیهان ناودەبات.

ئیکاردی لە وەرزی ئەمساڵدا لەگەڵ ئینتەرمیلان ئاستی بەرز پێشکەش دەکات و لە ١٥ یاریدا ١٦ گۆڵی تۆمارکردووە.

لە ماوەی رابردوودا دەنگۆی گواستنەوەی ئیکاردی بۆ ریاڵ مەدرید بڵاوبووەوە، ئەوەش لە کاتێکدایە نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ئەو یاریزانە ١١٠ ملیۆن یۆرۆیە.

ئەستێرە کرواتییەکەی یانەی ریاڵ مەدرید لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی: پێشتر لەگەڵ ئیکاردی یاریم کردووە، ئەو یاریزانێکی باشە و گۆڵی زۆر تۆمار دەکات.

وهەروەها گوتی: ئێمە خاوەنی باشترین هێرشبەرین لە جیهاندا، ئەویش کەریم بنزیمایە، ئیکاردی زۆر باشەو دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ ئێمە، بەڵام من لەسەر گرێبەستەکان قسە ناکەم.

یانەی ریاڵ مەدرید لە وەرزی ئەمساڵی خولی ئیسپانیادا ئاستی وەك پێویست نییە و رێژەی گۆڵەکانی بەراورد بە وەرزی رابردوو بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیووە.

# یوڤانتوس دەچێتە خولی رۆمانی

یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی رێوشوێنی یاسایی بەرانبەر یانەیەکی رۆمانی دەگرێتە بەر و داوای گۆڕینی ناوی ئەو یانەیە دەکات.

ئیدارەی یانەی یۆڤانتۆس داوای لە ئیدارەی یانەی (یۆڤانتۆس بوخارست)ی رۆمانی کردووە ناوەکەیان بگۆڕن.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئیدارەی یۆڤانتۆس پێیان وایە مافی خاوەنداریێتی ناوی یۆڤانتۆس تایبەتمەندە بە خۆیان و نابێت هیچ یانەیەکی دیکە ناوی ئەوان بۆ بازرگانی کرد بەخۆیان بەکاربهێنێت.

یانەی یۆڤانتۆس بوخارستی رۆمانی ساڵی ١٩٩٢دامەزراوە و ئەمساڵ بۆ خولی پلەیەکی رۆمانیا سەرکەوتووە.

ئیمانیۆل رۆسۆی شارەزا لە تۆپی پێی رۆمانیادا لە لێدوانێکدا بە پێگەی فوتبۆڵ ئیتاڵیای راگەیاند: پێش جەنگی دووەمی جیهانی یانەیەك بەناوی یۆڤانتۆس بوخارست هەبووە، بەڵام دواتر یانەکە نەماوە و لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا ئەم یانەیە هەمان ناویان هەڵگرتەوە.

رۆسۆ وتوشیەتی یانەی یۆڤانتۆس بوخارست یانەیەکی بچوکە و ناسراو نییە، بەڵام یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی ترسیان لە بەریەککەوتنی نیشانە بازرگانییەکان هەیە.

دوای تێپەڕبوونی ٢٠ هەفتە بەسەر دەستپێکی خولی رۆمانیادا یانەی یۆڤانتۆس بوخارست خاوەنی نۆ خاڵە و لە پلەی ١٤ و کۆتایی ریزبەندی خولەکەدایە.





دونیا سەدرەدین کچە یاریزانی یانەی Herzlakeی ئەڵمانی:

# هەوڵدەدەم لە یانەیەکی بەناوبانگی ئەڵمانیا یاری بکەم

چەندین کچ و کوڕە یاریزانی یانەکانی شارەکانی کوردستان، هەرێمی کوردستانیان بەرەو وڵاتانی ئەوروپا جێهێشتووە بۆ ئەوەی لەم وڵاتانە بتوانن توانا وەرزشییەکانی خۆیان بەرەوپێش ببەن، دونیا سەدرەدین وەکو کچە یاریزانێکی کورد لەگەڵ خانەوادەکەی کۆچی بۆ وڵاتی ئەڵمانیا کردووە و ئێستاش لە تاراوگە نیشتەجێیە لەگەڵ خانەوادەکەی. ئەو یاریزانە پێشووتر بۆ یانەی ئافرەتانی هەولێر وەکو گۆڵپارێز یاری دەکرد، بەڵام ئێستا بۆتە یەکێك لە کچە یاریزانەکانی یانەی Herzlakeی ئەڵمانی، لە بارەی چوونی بۆ ئەم یانە ئەڵمانییە دونیا سەدرەدین لە ئەڵمانیاوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای ئەوەی لەگەڵ خانەوادەکەم رووم لە وڵاتی ئەڵمانیا کرد بۆ ئەوەی لە وەرزش دانەبڕێم وەکو خولیایەکی خۆم راستەوخۆ پەیوەندیمان بە یانەی Herzlake تۆپی پێ کرد کە یانەیەکی پلەی دووی ئەڵمانییە، دواتر گرێبەستی سێ ساڵم کرد لەگەڵیان.» گوتیشی: «تا ئێستا هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە لە یانەکانی دیکە بۆیە دەمەوێت لێرە بەردەوام بم، راهێنەرەکەشم زۆر گرنگی بە ئاستم دەدات و هاوکارییەکی باشمان دەکات.» لەبارەی گەڕانەوەشی بۆ کوردستان دونیا گوتی: «نیازی گەڕانەوەم نییە بۆ کوردستان، چونکە لە کوردستان گرنگی بە هیچ بوارێکی وەرزشی نادرێت. بەڵام ئەگەر هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ، بەو پەڕی شانازییەوە یاری بۆ دەکەم و زۆریش حەز دەکەم ئەوە خەونی من و هەموو یاریزانێکە، ئاواتیشم ئەوەیە لە داهاتوودا بتوانم لە یانەیەکی بەناوبانگی وڵاتی ئەڵمانیا بدرەوشێمەوە و خۆیشم وەکو کورد بناسێنم.



# بروسک تیپی تۆپی پێی زیندوو دەکاتەوە

دوای ئەوەی بەهۆی قەیرانی دارایی تیپی تۆپی پێی یانەی بروسك نەیتوانی بەشداری لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکات، بۆیە پاشەکشەکردنی لە بەشداریکردن لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان هەڵبژارد، یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش تیپەکەی سزا دا و پلەی دابەزاند، بەڵام دوای هەڵبژاردنی دەستەی تازەو سەرۆك و جێگر و سکرتێر و ئەندامانی تیپەکە، یانەکە لە هەوڵی ئەوەیە تیپەکەی زیندوو بکاتەوە. هەر لەو بارەوە محەمەد حەمەخان سکرتێری یانەی وەرزشیی بروسك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین تیپەکە زیندوو بکەینەوەو هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە بۆ ئەوەی سەر لەنوێ تیپەکە رێك بخەینەوە، هەرچەندە ئێستا تیپەکە ئامادەیە بۆ ئەوەی بەشداری کێبڕکێی تیپەکانی دیکە بکەین، توانای ئەوەشمان هەیە کە تیپەکە بە شێوەیەکی باشتر بنیاد بنێینەوە.» لەبارەی پەیوەندی یاریزانیش بە تیپەکە حەمەخان گوتی: «چەندین یاریزان ئامادەیی ئەوەیان نیشانداوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە تیپەکەوە بکەن بۆ ئەوەی تیپەکە ببەنەوە دۆخی جارانی کە پێشووتر دوو نازناوی خولی نایابی کوردستانمان بەدەستهێناوە و تیپەکەش دەبەینەوە سەردەمی زێڕینی خۆی.



# چەندین یانە گرێبەستیان پێشکەش بە فەرحان شوکر کردووە

لەگەڵ ئەوەی یاریزانانی کوردی شارەکانی کوردستان و پێشووی یانە کوردییەکان کە لەکاتی خۆیدا لەگەڵ یانە کوردییەکان ئەنجامی باشیان بەدەستهێناوە، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە دوچاری یانە کوردییەکان بووەوە، یانەکانیش تا رادەیەك لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی دوورکەوتنەوە، بۆیە یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بە دوای یاریزانانی کوردەوە وێڵن، یەکێك لەم یاریزانانەش فەرحان شوکری یاریزانی کوردی پێشووی یانەی هەولێرە و ئەمساڵ گرێبەستی لەگەڵ یانەی نەجەف مۆرکردووە، لە بارەی چوونیشی بۆ یانەی نەجەف فەرحان شوکر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«ماوەی چەند ساڵێکە من لە دووری یانە کوردییەکان یاری دەکەم، ئەمساڵیش گرێبەستم زۆر بۆ هات لە یانەکانی شورتە و مینا و نەجەف و چەندین یانەی دیکە و هیوای ئەوەیان هەبوو من یارییان بۆ بکەم، وەرزی رابردووش لە یانەی نەفتی وەست بووم، بۆیە لە ناو هەموو ئەو گرێبەستانەی کە پێشکەشم کرابوو، من یانەی نەجەفم پێ باشتر بوو.» لەبارەی تیپە کوردییەکانیش گوتی: «هیوای باشبوونی باری یانە کوردییەکان دەخوازم و بیری هەموویان دەکەم.» گوتیشی: «دەمەوێت لە خولی عێراقی لەگەڵ یانەی نەجەف درێژە بە ئاستی خۆم بدەم، بۆ ئەوەی بتوانم پارێزگاری لە مانەوەم بکەم لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراقی و دەمەوێت باشترین ئاست پێشکەش بکەم، لە شاری نەجەفیش زۆر ئاسوودەم،ئێمە یاریزانی پیشەگەرین و خەڵکی ئەو شارەش زۆر رێزمان لێ دەگرن و هیچ گرفتێکمان نییە کە ئێمە وەکو یاریزانانی کورد یاری بۆ یانەیەکی باشوور دەکەین، چەندین یاریزانی تریش هەیە، بەهیوای ئەوەشم بتوانم بە پێشکەشکردنی ئاستی شایستە دڵی هەموو لایەك رازی بکەم.

